# کلارا،
# دڵرەقیی دەبارێ و،
# گوڵێك لە دڵما نوستوە !



باران

جەمال غەمبار

" لە دەستم بەرمەدە دامەن ، نەبادا بمکوژێ هیجرەت

نەبادا خوێنی ناهەق ، دامەنت بگرێ لە مەحشەر ! "

(سالم)



١

ئەو شیعرەی تۆ لەوێیت ،
چەند تەڕە بێدەنگییم ،
چۆن دائەکات سوتانم !
ئەو سروەیەی تۆ هەڵئەکەیت و
لە باخچەکانی تەنیایی ئەگەڕێیتەوە ،
بۆ نزای تەیرەکانی ناو دڵی خۆت ئەگەڕێیت
کەچی منی گۆرانیی ئەدۆزییەوە ، کلارا !

٢

کە هەتاوی شیعر خامۆش ئەبێت
داگیرسانی تۆ
من ڕووناکتر ئەکاتەوە ، کلارا!

٣

بە ناو خۆتدا بمگێڕە .
بۆ شاری گوڵەکانت حەجێکم پێ بکە ،
حەجێ ، لە 'مەدینە' ی دڵتا بمرم ، کلارا !

٤

بۆ ئەوەی بمخەیتە گۆرانی
لەگەڵ کانییەکی دەفڕەن دێمە لات ،
بە شمشاڵێکی گەڕۆک ئەڵێم
ماچەکانی تۆ بژەنێت ، هیچی تر نا !



٥

دڵم دەمێکە وەک ئەستێرەیەکی بێدەنگ

ئەڕژێتە ناو تریفەی ژنێتیی تۆوە !

٦

کلارا،

تۆ هەمیشە تەنیابە ، تەنیا !

تۆ گوڵگرتنت هەر بە تەنیایی لێدێت !

٧

ئەو نەبا ؛

کلارا نەبا

گەزۆی ئەم هەموو گوناهە

نەئەبارییە سەر گەلاکانی ڕۆحم !

شەرابی قسەکانی ئەو نەبا ، کلارا ئەڵێم ،

من نەمئەزانی ، ئەبارێم یان نوێژ ئەکەم !

٨

تۆ بە عیشق ، خەیاڵی خۆت ئەشۆیت و

لێرەش دڵڕەقیی ئەبارێت ، کلارا !

لە نێوانی عەرشی بێمرووەتیی و

هەنارستانی وەفادا

تۆ بڕوانە سەبای لە تۆوە هەڵکردووی ئەوین

چۆن لە مێرگی دڵی منا ئەشنێتەوە ، کلارا !

٩

تاقە وڵاتێک بەبێ شەڕ داگیرکرابێت ، منم ،
داگیرکەرەشم تۆ بوویت ، کلارا !

١٠

بهێڵە شتێکت لا بدرکێنم کلارا ،
لە هەندێ باریندا
عیشق هێندە ترسناک دائەکات
بۆی هەیە دڵێ ، ژنێک ، پیاوێک
یان هەموو دونیا وێران بکات !

١١

من نامەوێت
وەک زارای ناو گۆرانییەکە
سوبح و ئێوارێ بە لەنجە و لار بڕۆیت !
من ئەمەوێت وەک دڵم ڕێ بکەیت
من ئەمەوێت کە مردن هات
پێکەوە چرایەک بە داری گیانەوە هەڵواسین .
لە ماڵی گۆڕستان یاخی بین .
کە مردن هات
لە بیرت بێ ، یەک گۆڕ بۆ هەردووکمان لێدەین !



١٢

گەر لە ژەنینی سازی قەسیدەم بێزاریت

سەری خۆم و قەڵەمم هەڵئەگرم

ئەچمە خەونی ژنێکی ئازەریی

ئەبمەوە بە قەرەجی وڵاتان

دەوارێکی شین

لە ناوسپێتیی ئاسمان هەڵئەدەم !

لە ناو ئەستێرەیەکدا بە دەم نزاوە هەڵئەبم

وەک سەبای خەمێک هەڵئەکەم و

دونیا پڕ ئەکەم لە چریکە ؛

خودایا چەند جیلوەدارە قیبلەکەی ڕوخساری "ئەو"

چەند تەسکە کراسی ئەم زەمینە

بە بەری عیشقەکەی "ئەو"!

خودایا لە ناو بیابانی نوسینەوەی 'هیچ' دا ،

بمکە بە نەمامێک لە وشەو

بمخە ناو دەفتەری قسە و کەلامی خۆشی "ئەو" !

ئۆهـ خودایا !

چەنێ سەختە ڕێکردن بە کۆڵانەکانی شیعردا

بەبێ سێبەرە سەوزەکەی"ئەو" !



١٣

قەرارە بەعیشقەوە بێیت و

هەر بە عیشقیشەوە

سەفەر بە دڵی نەگەییوم بکەیت !

بڕیارە حیکایەتێ

لەگەڵ شەراب بگێڕیتەوە

حیکایەتێ تیایدا

عیشق دیوار نەناسێت ، کلارا !

١٤

خۆتت لێئەبارێت

ئەو دەمەی لەو دیو هەوری ڕوانینەوە

بۆ پەنجەرەیەک ئەگەڕێیت

کەمێک عیشقی لێوە بهێنیتە ژووری !

لە خۆت ئەچیت

ئەو دەمەی نوێژی قەسیدەم

ڕووەو کەعبەی دڵەکەی تۆ دائەبەستم .

لە خۆت ئەچیت لەناو دڵما ،

خۆت هەر خۆتی !

هەر خۆتی خۆت ...!



شیعر



١٥
به گوڵی سینەتا ئەزانم
ڕۆحی تۆ چەندین جار
کەوتۆتە خەرەندی غەریبیی و ،
بە جیلوەی ڕژاوی ڕوخسارتا ئەزانم
دڵی تۆ چەندین جار
وەک بلووری شیعری من
بە دەستی تەنیایی شکاوە !
بە شەوقی کوژاوەی ڕوانینتا ئەزانم
هەنگی گریانت چەندین جار
لە سەفەری نەبڕاوەی عیشقدا جێماوە !
بە خۆتدا ئەزانم بەدەم عیشقەوە
چۆن ئەشنێیتەوە ، کلارا !

١٦
ئێمە ، نە لە باخی فیراقدا ، دەستبەرداری یەکتر ئەبین
نە لەسەر پشتی ئەسپی ویساڵیش ، بەیەک ئەگەین !
ئەم ئاوابوون و سوتانە ناوئەنێیت چیی ؟
ئەم پەپولەی ئینتیزارە
لە کام دەفتەری خەیاڵدا مۆمیا ئەکەیت !
تۆ ئەستێرەی تەنیایی من ئەبینی و
کەچی من ئاسمانە غەمگینەکەی تۆ نابینم
هەرمێیەکی چەندە بێباکە دڵی من ،
سەحرایەکی چەندە بێ کانیی و بێ ئاوە دڵی من !
بێ تۆ ، بێ نەورەسی ئەوینی تۆ
خوا نغرۆی کا ، وێرانی کا ئەم دڵەی من !

١٧
ئەم عیشقە ، وەک جەنگ وێرانمان ئەکات
ئەم عیشقە ، وەک مۆسیقا دڵمان ئەخوات !
ئەم عیشقە
به نەزمێک خۆی ئەژەنێ
لە درزی دڵەوە دێتە ژوورەکانی ڕۆحەوە !
ئەم عیشقە کە دێت
دەست ئەخاتە دەستی باران و
لەگەڵ حەرفەکانی ناوەکەی تۆدا شەڕە ئاو ئەکات .
یان هەر بە دەم ڕێوە
ورتە ورتێک ئەکا و ئەپرسێ،
ئەبێ کەون چۆن بڕوخێ
ئەو دەمەی من و تۆ بەیەک ناگەین !
ئەو دەمەی تاریکیی کۆچی تۆ
بە دەیان چرای خەیاڵ و
بە سەدان مۆمی قەسیدەش ڕۆشن نابێت ،
ئەبێ چۆن چۆنی بسوتێت هێلانەی دڵ !
ئەبێ چۆن چۆنی وێران بێت
مەملەکەتی دڵنیایی !
یان لە جانتاکەی پایزدا
ئەبێ چۆن چۆنی هەڵوەرێن
کتێبە زەردەکانی تەمەن !
ئەبێ تۆش لەگەڵ قافڵەی کام بارانی دڵا
مانگی ماڵئاوایی من بخەیتە ڕێ ، کلارا !
ئیتر چۆن دەستی کانییەکی خۆتم ئەدەیتێ
هەتا لە شەوی ئەم بیرە قووڵەی تەمەن بێمە دەرێ!
ئاخر من لەگەڵ "مەحوی"دا
خانە و ماڵی ئێوارانم ، دەیری عیشقەکەی "ئەو" بوو





کەچی جێیەکم بە گۆرانیی و سووتن لەوێ نەگرت !
بۆ دواجار بمخەرەوە سەر کەڵکەڵەی
پۆشینی " کراسێک لە ئاگر " ی سەرهەڵگرتن
خۆهەڵگرتن !
منی گوناهبار بە شیعر ،
تازە جێگەم لە خەریتەی عیشقی تۆدا نابێتەوە !
منێک کە لەگەڵ نیشتمانەکەم ،
نیشتمانی خاڵییم لە تۆ
نیشتمانی خاڵیی لە خۆم ، خاڵیی لە "ئەو" ،
هەموو بەیانییەک لێرەدا
لەم ماڵە چۆڵەی ڕۆحمدا
پێکەوە قاوەیەکی تاڵ
بەدەم خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانەوە ، ئەخۆینەوە !
چەند هەواڵێک لە قولاپی ڕوانینمان گیردەبن :
- لە ئەستێرەخانەی گیانێکدا ، نورێک ڕژا !
- لەچراخانی دڵێکدا ، لالەی ئەوینێک درزی برد !
- لەمەیخانەکەی عیشقیشدا ،
بادەی ماچێ کەوتە خوارێ !
کەچی نە ئاسمان لە خەوێ ڕابوو ،
نوری ڕژاو کۆکاتەوە .
نە ئاگر لە کورسییەکەی هاتە خوارێ
چراکان لە سینەی خۆیدا داگیرسێنێت .
نە دەستی تۆش
بادەی ماچەکەی منی هەڵگرتەوە !

کلارا !
منی گوناهبار بە شیعر ،
تازە جێگەم لە خەریتەی عیشقی تۆدا نابێتەوە !



## جەمال غەمبار

ساڵی 1962 لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایکبووە.

-ساڵی 1984 کۆلێژی یاسای لە زانکۆی بەغداد تەواوکردووە.

-ساڵی 1989 لە سلێمانی بووەتە پارێزەر.

-خولیای نوسین و خوێندنەوە لای جەمال غەمبار لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە سەریهەڵداوەو یەکەم هۆنراوەی لە ساڵی 1976 لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە.

-لە ساڵی (2000)ەوە کوردستانی بەجێهێشتووەو ماوەی دوو ساڵ لە دیمەشق ماوەتەوە، پاشان لە ساڵی (2004)ەوە لە وڵاتی ئوستراليا نیشتەجێیەو رەگەزنامەی ئوسترالی پێبەخشراوە.

-ئەندامی رێکخراوی ئەمێنستی ئینتەرناشناڵی ئوسترالی و ئەندامی کۆمەڵەی نوسەرانی فرە رەگەزی باشوری ئوسترالیایە.

-لەپاڵ نوسینی هۆنراوەدا، کاری وەرگێڕانی چەندین لێکۆڵینەوەی وێژەیی و رووناکبیری و فکری ئەنجامداوە.

- سێ دیوانی کوردی و دیوانێکیشی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، سەرەڕای ئەوەش چوار پەرتوکی وەرگێڕاوە .